**وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە:-

- گواستنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی (سۆران – زاخۆ - بتوێن) سەر بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ( هەولێر - سلێمانی -دهۆک) بۆ سەر میلاکی دیوانی وەزارەتمان بەمەبەستی باشتر راپەراندنی کارەکان .
- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان ژمارە (١٧١٤) لە ٢٠٠٧/٢/١٨ بڕیارماندا بە:-

١- دامەزراندنی یەکەی وەبەرهێنان لە دیوانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ڕاپەراندنی و جێبەجێ کردنی مامەڵەکانی وەبەرهێنان لە وەزارەت .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە:-

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی بنکەی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ناحیەی ( بێکۆڤا و دەرکارێ) سەر بەبەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی زاخۆ بەمەبەستی ڕاپەراندنی ئیش و کارەکانی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لە سنوری ئەو ناحیانە .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**